


فەرەیدون حەمەڕەشید swiss 01.07.06
faraidun_73@hotmail.com

هەمیشەلەناومیدیای بەشی عێراقی عەرەبی ومیدیایی وولاتانی ئیقلیمی لەبەرامبەربوونی هێزەکانی ئەمریکا لەناوچەکەدا لەتەنگەتاووی وتارمایی ترسدان، پانتاییەکی بەرفراوانی ڕاگەیاندیان تەرخانکردووەبۆپرسیاروئاماژەدان لەسەر هێزە کانی ئەمریکاوهاوپەیمانەکانی لەعێراقدا،بەوەی هەمیشە ئەوپرسیارەدەکرێت کەئەم هێزە کەی دەکشێتەوەوکەی سەروەر ی بۆعێراقیەکان دەگەڕێنرێتەوە،،هتد..گەرچی ئەم هێزەبەبڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایش خۆی کردەهێزێکی داگیرکەر،بەلام ئەگەرئەم هێزە لەپیاهەڵدانی فریادڕەسی وفریشتەیی بهێنرێتەدەرەوە ،بێلایەنانە خوێندنەوەی بۆبکرێت تاهەنووکەلەعێراقدا بەپێچەوانەی ئەوبڕیارەوە،لەشەڕی جدی دایەبۆسەقامگیرکردنی گۆڕانی دوای ڕژێمی دیکتاتۆری،شەڕی جدی ودەستەویەخەی تیرۆربۆخەڵکی عێراق دەکات ،،هەمووئەم فشارانەی ڕاگەیاندنی عەرەبی وئیقلیمی وجیهانی ئیسلام،بۆکشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاوهاوپەیمانەکانی بۆواقیعیەتی ئیستای سیاسی لە عێراقدا تراژیدیاومالوێرانکەری زیاترە تالەچنینەوەی خێروبێری نەفرەتکردن وکردنە دەرەوەی سوپایی کوفروسەلیبی ورۆژئاوایی وئیمپریالیزمی تا هەر دەستەواژەیەکی دی کەهێزەکۆنزێرفاتیڤەکان ناوی دەنێن، چونکە ئەمرۆسەرخەتی سیاسی تیرۆری نێودەوڵەتی بەڕابەرایەتی ڕێکخراوی قائیدە کاربۆچاندن وهەڵگیرسانی شەڕێکی مەودا فراوانی مەزهەبی خۆشدەکات،کەلەعێراقدا بەشاراوەیی ولەبەرگێکی ململانێی مێژووی و سیاسیداخۆی مەڵاسداوە ،
ە

*

دوای ئەوەی هەفتەی ڕابردووکۆنگرێسی ئەمریکی پێشنیاری چەندسیناتۆرێکی دیموکراسیخوازەکانی ڕەتکردەوە بەوەی داوای خشتەی دیاریکراویان بۆکشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکایان دەکرد لەعێراق،کۆشکی سپی ئەئکیدی کردەوەلەوەی کەمبوونەوەوکشانەوەی هێزەکانیان لەعێراق هاوتەریب وپەیوەستەبەتوانایی هێزەکانی ئاسایش وپۆلیسی عێراق لەبەرامبەرتیرۆروتوانایی بەدەستەوەگرتنی مەلەفی ئەمنی،بەپێی ڕاپۆرتەکانی یەکشەمە 6/25 ی نیۆرك تایمز جەنراڵ جۆرج کەیسی فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکالەعێراق ئاماژەی بەوەداوەکەلەژێرفەرمان وچاودێری پنتاگۆندا باس لەئاڵوگۆڕبەسەرهێزەکانیان لەعێراق کراوە کەئەگەرمەلەفی ئەمنی بەرەوپێش بڕوات تا ساڵی 2007کە مبوونەوەیەکی ڕێژەیی لەهێزەکانیاندابکەن ، کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکالەعێراق بەبێ بەرقەراربوونی ئاسایش ولەمەنگەنەدانی تیرۆرومسۆگەرکردنی مافی پێکهاتەکانی ناوعێراق داوایەکی خەیاڵی ونەزۆکە،چۆنکەباسکردن لەوجۆرەکشانەوە بەبێ ئەوسەرکەوتنانە مانای شکستی ئەزموونی ئەمریکا بۆناوچەکە،مانای ڕاکردنی ئەمریکا لەدەستی تیرۆر وسەرکەوتنی بەرەی تیرۆر بەسەر بەرەی دژەتیرۆردا کەئەمەش لەسەرئەرزی واقیع وگۆڕەپانی سیاسی بۆسیاسەتی جیهانی قبوڵناکرێت وسەدو هەشتاپلەبەپێچەوانەکەیەتی کەبەوئاراستەیەدا دەڕوات کەهێزی ئەمریکاوهاوپەیمانە کانی بۆستراتیژی سیاسی لەناوچەکەدا،بوون وسەنگی خۆی درێژەپێدەدات،چ بۆسەرخستنی ئەزموونی پرۆسەی سیاسی لەعێراق،چ بۆ ئاڵووگۆڕەکانی وولاتانی ئیقلیمی کەلەئەجێندای ئەمریکادا لەپلان ونەخشەی سیاسی دایە ، ە

*

ئەوڕاگەیاندنەتەنگەتاوەدژەئەمریکییەی هەمیشەبۆبوونی هێزەکانی ئەمریکالەعێراقدا پەنابۆئەزموون وداتاکانی ساڵانی شەڕی ڤێتنام دەبەن ودەیانەوێت هەمان خوێندنەوەی تێزوئەزموونی ئێستاکانێی عێراق بەمێژوو و ڕووبە ڕوو بونەوەی نێوان ئەمریکیەکان وڤێتنامیەکان بەخەڵك وڕای گشتی نیشان بدەن،،درۆیەکی گەورەوهەڵمەتی ڕاگەیاندنێکی کۆنەخوازییە،بۆ؟ چونکەلەشەڕی ڤێتنام لەیەك نەچونێکی زۆرجیاوازهەیەلەگەڵ جەنگ لەعێراقدا، لەوشەڕەدا ڤێتنامییەکان بەتێزێکی ماویستی وشۆڕشگێڕی بەدرووشم وناسنامەی چینایەتی ونەتەوایەتی لەبەرامبەرئەمریکییەکان لەشەڕدابوون لەگەڵ دنیایەك لەهاوسۆزی جیهانی،،بەلام ئەمەلەعێراقداتەواوپێچەوانەکەیەتی ئەوانەی لەبەرەی شەڕدان لەگەڵ ئەمریکا فێندەمینتالیستی ئیسلامییەلە هاوشێوەی ڕێکخراوی تیرۆریستی قائیدەوهاوسۆزەکانییان کەئەمانەجگەلەشووناسی خورافەوتیرۆری کۆمەڵگا چ بەتیرۆری جستەی،یان ،تیرۆری مەعریفە هیچ ئایدۆلۆژیەکی

شۆڕشگێڕییا ن نیەکەڤێتنامییەکان هەیا ن بووە، نەهەڵگری ئایدۆلۆژیایەکی ناسونالیستیشن تا خۆیان وەك كۆی خەڵکی عێراق بەپەیامی دژەداگیرکەر بناسێنن،کەئەوپەیامەش بەناوی ناسولیزمەوە نەك ئەوان بەڵکوو ڕەووتی ناسونالیزمیش ناتوانێت ئەوشەڕوبەرەنگارییەی پێبکات و ئەومافەیان نیە چوونکەکۆمەڵگای عێراق کۆمەڵگایەکی یەك نەتەوەنیە تائەوشەرعیەتەی هەبێت،ئەوشەڕەی لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکالەعێراق پێ گەرم وجۆش پێبدات، هەموو ئەوفشارەنەش بۆکشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا چ لەڕاگەیاندنەکاندا یان بەڕووبەڕووبونەوەخۆکوژیەکان هیچ شتێك نیەجگە لە کۆنەخوازی وترس لای بەرەی کۆنەپەرستی وناسونالیزمی توندڕەووی عەرەب لەوفۆرمەلەنوێیەی سیستەمی سیاسی لەعێراقدا کەخەریکەدەبێتەدیفاکتۆوخۆی دەسەپێنێت کە کوردوئێتنیکەکانی دی دەکرێت لێی بەهەرمەندبن ، هەموو خوێندنەوەکەش بەپۆزەتیف بۆئەوهێزە بەمانایی ئەوەنیا کەئەوهێزە فریشتەوفریادڕەسە، بەڵکووپرسیارەکەئەوەیەکە گۆڕانت بوێت ،کەبتەوێت ڕژێمێکی زەبەلاح ومیلیتیاریسم بگۆڕدرێ،کەبدەوێت شەڕی تیرۆروکۆنەپەرستی بکەیت، کەبتەوێت ئیسلامیزم پاوانی دەسەلات نەکات،کەنەخوازین ناوچەکەبێتەبلۆکێکی ئیسلامی، پێویستت بەهێزی دەرەکی وهاوپەیمانی دەرەکییە،بۆیەئەوهێزە ئەوئەژدیهاو دێوەزمەنیە کەمیدیایی عەرەبی وئیقلیمی بانگەشەی بۆدەکەن بەڵکوو ئەوەترسی کارنامەی خۆیان وتارمایی گۆڕانەکانن لەوهێزە.